سیروان حه نیفی
Sirwan_e@yahoo.se



# ئێمه له عه شق تێ ناگه ین

کۆتاییه کان گه یشتنه وه سه ره تا
سه ره تاش بۆنی مه رگی لێ ده هات
تۆ پێم بڵێ:
سه ره تائێک به مردن ده ست پێ بکات
کۆتایی یه که ی ئه گاته کوێ
له کامه سێ ریبان و چوار رییانی مێژو خێمه هه ڵ ئه دات؟
چه نده له یه ک نامۆین
چه ند لێک دورین!
ده ڵێی هیچ بائێک کۆڵانه کانمانی پێکه وه نه دوری
خۆره تاوێک له سه ر بانیژه ی هیچمان بار گه ی نه خست
چه ند لێک دورین!
به قه د مردن لێک جیاین
هێنده ی عه شق لێک بێگانه ین
ئێمه ئینسانی ساڵی دو هه زارو بێگانه یی
هه رگیز خۆشه ویستیمان نه ناسی
عه شق وه ک چۆکلێت لامان شیرینه و
وێنه ی ئه ویش کۆرته ساتێک له سه ر زمان
که چی له ڕۆژی مردنیه وه
تا ئه به د یه ت هه ر ئازاره و
هه مو جه سته ت ئه پشکنێ
هه ر برینه و خوێناوی لێ دێ
هه ر یاده و ئارامیت لێ ئه گرێ
ئا
ر
ا
م
ی
ت
لێ ئه گرێ
چه ند لێک دورین

**چه ند لێم دوری**

2006.08.04